

# دکتۆر محەمەد گەزنەیی
# ئاوابوونی ئەستێرەکی پڕشنگدار لە زانستو خزمەتگوزاری

**ئا: م. نامیق ئیسماعیل مستەفا***

خوای گەورە دەفەرموویت: (**يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ**).

خوای گەورە پلەو پایەی ئیماندارانی بەرزکردییە، لەناو ئەوانیش زانایانی شەریعەی بەرز کردییە بە چەند پلەیەك، کە تەنها بەخۆی دەزانێ چەندە، چونکە خاوەن زانستو خاوەن تەقوایە، میراتگری پێغەمبەرانن سلاوی خوایان لەسەر بێت لە گەیاندنو بەرگریکردن لە پەیامەکانیان، بەتایبەت زانایانی ئوممەتی حەزرەتی موحەمەد(ﷺ)، کە دواین پێغەمبەرەو، ئوممەتەکەشی دواین ئوممەتە.

میللەتی کوردیش لەو رۆژەی، کە ئیسلامی هەڵبژاردووە، بە ویستو ئیرادەی خۆی خزمەتی ئەم ئایینە پیرۆزەی کردییە، هەر لە (گابانی کوردییەوە) بگرە خوای لێ رازی بێت، کە هاوەڵێکی بەرێزی پێغەمبەر بووە، هەتا ئەمڕۆش بە هەزارەها زاناو دانای لێ هەڵکەوتووە لە بواری (التفسير، والحديث، والأصول، والعقيدة، والفقه، والتأريخ، والنحو، والصّرف، والبلاغة، والمنطق، والأدب، والفكر، والسّياسة...)، چەندەها کتێب کە تایبەت بە ژیاننامەی زانایانی ئایینی کورد داندراون، بەڵگەو شاهێدی ئەو راستەقینەیەن.

یەکێك لە هەڵکەوتووەکانی ناو میللەتەکەمان، داناو زانای شەرعزان، خەمخۆری زانستو زانایان، مامۆستا مەلا محەمەد گەزنەیی پرۆفیسۆر لە (الشّريعة والقانون المدني).

## ناوی تەواوی:

ناوی مەلا محمد کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مستەفا کوڕی عبدالقادری کوڕی مەلا مەولود کوڕی مەلا ئیبراهیمە.

## مێژووی لە دایکبوونی:

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ لەناسنامەی نووسراوە کە لە ١٩٤٩/٧/١ لەدایك بووە، بەڵام ئەمە راست نییە چونکە باوکی زانای پایەبەرز مامۆستا مەلا ئەحمەد، لەکۆتایی تەفسیری (الخازن) دا نوسیویەتی لە ٢٨/ربيع الثاني/١٣٦٥ کە دەکاتە رۆژی دووشەممە ١٩٤٦/٤/١ی زایینی، لە دایکبووە.

ئەمەش بەڵگەیەکی زۆر بەجێیە، دەبێ پشت بەم مێژووە ببەسترێت.

## شوێنی لە دایکبوون:

وا زانراوە کە جەنابی مامۆستا لە گوندی گەزنە لە دایك بوبێت، بەڵام ئەمە راست نییە، بەڵکو لەگوندی (پێمەرەبڕ) لە دایك بووە، چونکە باوکی رەحمەتی خوای لێبێت لەساڵی ١٩٤٥ گەزنە بەجێدێڵێت، دەچێتە ئەو گوندەو نزیکەی دوو ساڵ دەمێنێتەوەو، مەدرسەی فەقێیان دادەمەزرێنێت، ئەو کاتە باوکم (مەلا ئیسماعیلی گەزنەیی) بەرەحمەت بێت لەخزمەتی دەرس دەخوێنێتو، دکتۆر محمد ئەوکاتە لەدایك دەبێتو، چوومە لای دایکی دکتۆریش، ئەویش ئەم رووداوەی پشتڕاست کردەوە.

## عەشیرەتو بنجو بنەوانی:

لە ٢٠١٠/١٠/٧ چومە خزمەت مەرحوم دکتۆر محمدو، پرسیاری ئەوەم لێکرد: ئایا دکتۆر چ عەشیرەتێکە؟

فەرمووی: لەتائیفەی (کانی رەشە)م، {ئەم تائیفەش سەر بە عەشیرەتی خۆشناوە}، خەڵکی شکارتەو بێتواتەیە.

فەرمووی: زیاتر پێدەچێت خەڵکی گوندی شکارتەی بین. لە پاشان فەرمووی: لە باپیرە گەورەمان ( مەلا ئیبراهیم) زێدی بابو باپیرانمان بەجێهێشتو، هاتینە گوندی (عەزە)و، ئێستاش گۆڕی مەلا ئیبراهیم لەو گوندەیە. وە باپیری باوکم (عبدالقادر) هاتیتە گوندی گەزنەو، هەتا ئێستاش هەر بە گەزنەیی ناسراوین.

## کورتەیەك لە ژیاننامەی:

مامۆستا مەلا محمد لەخانەوادەیەکی مەلازادەیە، باوکی زانایەکی پایە بەرزو بە تەقوا بوو، هەروەها خاوەن مەدرەسەی فەقێیان بوو، گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە ئیجازە ببەخشێتە فەقێیان ئەمەش بۆ ئەو کاتە ئاستێکی زۆر زۆر بەرز بوو، هەروەها دایکی خوای گەورە بیپارێزێت، ژنێکی زۆر ئیماندارو بەتەقوایە.

لەبەر ئەوهۆیە هەر کە فامی کرد، دەستی بە قورئان خوێندن کردو، کتێبە سەرەتاییەکانی لەلای باوکیو ئەو فەقێو موستەعیدانەی لەمەدرەسەی ئەوان بوون خوێندو، پێ بەپێ تاکو ئاستەکانی زانستی تەواوکردو، ئیجازەی مەلایەتی لە لای باوکیو هەروەها لەلای زانای ناوداری کوردستانو عیراق، عەللامە مامۆستا (مەلا عبدالكريم المدرس)و زانای ناوداری عێراق عەللامە (عبدالكريم الدبان) وەرگرتووە.

لە رۆژی پێنجشەممە ٢٠١١/٥/٥ دوای نوێژی عەسر لەکاتژمێر ٤,١٥ لەپاش کاروانێکی درێژی خزمەت بە زاناو زانایانو ئایینی ئیسلامی پیرۆزو گەلی کورد، دڵی لە لێدان کەوتو کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی گوندی گەزنەی بەرانەتی، لای گۆڕی باوکی بەخاك سپێردرا. خوای گەورە عەفویان بکاتو بە بەهەشتیان شاد بکات. ئامین يارب العالمين.

خوا یاربێ لە داهاتوێکی نزیکدا، تیشکی زیاتر دەخەینەسەر ژیانی مەرحومو، روونکردنەوەی زیاتر بلاودەکەینەوە.

## پلەی زانیاری:

١- بڕوانامەی پەیمانگای ئیسلامی هەولێر ساڵی (١٩٧١).
٢- بەکالۆریۆس لەزانستی ئیسلامی کۆلێژی ئیمامی ئەعزەم ساڵی (١٩٧٦).
٣- ماستەر لەشەریعەتو یاسا بە پلەی نایاب کۆلێژی شەریعەو قانونی زانکۆی ئەزهەر لەمیسر ساڵی (١٩٨٤).
٤- دکتۆرا لەشەریعەو قانون بە پلەی (الشّرف الأولى) لەکۆلێژی شەریعەو قانونی زانکۆی ئەزهەر ساڵی (١٩٨٩).
٥- ئیجازەی مەلایەتی لای باوکی وەرگرتووە لە ساڵی (١٩٦٨).
٦- ئیجازەی مەلایەتی لای مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی بیارە رەحمەتی خوای لەسەر بێت لەساڵی (١٩٦٨).
٧- ئیجازەی مەلایەتی لای مامۆستا مەلا عبدالكريم الدبان رەحمەتی خوای لەسەر بێت لەساڵی (١٩٧٧).
٨- پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەساڵی (٢٠٠٠).
٩- پلەی پرۆفیسۆر لەساڵی (٢٠٠٨/٦/١٧).

## وەزیفەو کاری فەرمانبەری:

١- دامەزراوە بە ئیمامو خەتیب لەساڵی (١٩٦٨).
٢- کراوە بە سەرپەرشتیاری خوێندنی ئایینی لەئەوقاف لە هەرێمی کوردستان ساڵی (١٩٩٠–١٩٩٢).
٣- کراوە بە راگری کۆلێژی شەریعەو دیراساتی ئیسلامی لەدهۆك ساڵی (١٩٩٢).
٤- بووە بە مامۆستا لەکۆلێژی یاساو رامیاری لەزانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر لەساڵی (١٩٩٣).
٥- کراوە بەسەرۆکی بەشی یاسا لەهەمان کۆلێژ لەساڵی (١٩٩٣).
٦- کراوە بەر اگری کۆلێژی یاساو رامیاری زانکۆی سەلاحەدین لەساڵی (١٩٩٥).
٧- گواسترایەوە بە مامۆستا بۆ کۆلێژی (ماف)ی ئێواران لەساڵی (١٩٩٩).
٨- بنیاتنەرو راگری کۆلێژی شەریعەو قانوونی/ زانکۆی کۆیە لەساڵی (٢٠٠٢).
٩- وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینی لەئیدارەی سلێمانی لەساڵی (٢٠٠٤).
١٠- خانەنشین کراوە بە پلەی وەزیر لەساڵی (٢٠٠٦).
١١- هەڵستاوە بەکاری هەڵسەنگاندنی ژمارەیەکی زۆری نامەی دکتۆراو ماستەر.

## کتێبو توێژینەوە چاپکراوەکان:

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

١- بەشکردنی میرات لەشەریعەتی ئیسلامو یاسادا. لەساڵی (١٩٧٧) لەبەغدا چاپ کراوە.
٢- کڕینو فرۆشتنی پارەی (نازێرو زیو) بە یەکتر لەروانگەی فیقهی ئیسلامی. ساڵی (١٩٩٨) لەچاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لەهەولێر چاپ کراوە.
٣- شوێنەواری لێبووردنو پێکهاتن لەسەر سزای تۆڵە بە تۆڵە، لەگۆڤاری (یاساپارێزی) ژمارەی یەکەم ساڵی (١٩٩٦) بلاوکراوەتەوە.
٤- دوو ژن هێنان یان پتر لەتەرازووی ئیسلامدا، بلاوکرایتەوە لەگۆڤاری یاساپارێزی، ژمارە سێی ساڵی (١٩٩٨)، ئینجا بەشێوەی نامیلکە لەساڵی (٢٠٠٤) چاپکراوە.
٥- دەمارگیری نەتەوایەتی، بلاوکراوەتەوە لەژمارە پێنجو شەشی یاساپارێزی، پاشان کۆکرایتەوەو بووە نامیلکەو چاپکرا لەلایەن رۆشنبیری یاسایی ساڵی (٢٠٠٢).
٦- شەرعیەتی حوکمڕانی لەئیسلامدا، بلاوکرایتەوە لەگۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٢١) لەساڵی (٢٠٠١) پاشان کراوە بە کتێبو ساڵی (٢٠٠٤) بلاوکراوەتەوە.
٧- وەسیەت لەشەریعەتی ئیسلامو یاسادا، لەکۆنگرەی زانستی یەکەمی زانکۆی سلێمانی ساڵی (٢٠٠٠) خوێندرایەوەو، پاشان لەگۆڤاری زانکۆی سلێمانی بلاوکرایەوە لەژمارەی ساڵی (٢٠٠١)، پاشان لەگەڵ بەشکردنی میرات کرایە کتێبو ساڵی (٢٠٠٢) بلاوکرایەوە.
٨- کوردقڕانی ساڵی ١٩٩٨، هۆکارەکانی ناونانی بە ئەنفال، خوێندرایەوە لەکۆنفرانسی ئەنفالو، بلاوکرایتەوە لەگۆڤاری سنتەری برایەتی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (٢٠٠٢) پاشان کرا بە نامیلکەو، لەساڵی (٢٠٠٣) بلاوکرایەوە.
٩- ئیرهاب لەفیقهی ئیسلامی، بلاوکرایتەوە لەگۆڤاری یاساپارێزی، ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠٢) پاشان کرا بە نامیلکەو بلاوکرایەوە لە ساڵی (٢٠٠٤).
١٠- حوکمی کرداری خۆتەقاندنەوە، بلاوکرایەوە لەگۆڤاری یاساپارێزی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٣) پاشان کرا بە نامیلکەو بلاوکرایەوە چاپی یەکەم، هەولێر (٢٠٠٤).
١١- سیستەمی جیهانی ئێستا چەند لەبارە بۆ جاردانی دەوڵەتی کورد، بلاوکراوە لەرۆژنامەی خەبات ژمارەی (١٢١٩)، پاشان بلاوکرایەوە لەرۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (١٤٥)و، هەروەها بلاوکرایەوە لەگۆڤاری (دەنگی زانا) ژمارە (٦٦) پاشان کرا بە نامیلکەو بلاوکرایەوە ساڵی (٢٠٠٤) لەچاپخانەی هاوسەر/ هەولێر.
١٢- ئازادیو مافی مرۆڤ لەتەرازووی ئیسلامدا، بلاوکرایتەوە لەگۆڤاری یاساپارێزی، ژمارە (٢) ساڵی (١٩٩٧) پاشان کرا بە نامیلکە لەساڵی (٢٠٠٥).
١٣- پیرۆزی زمان لەئایینی ئیسلام، بلاوکراوەتەوە لەگۆڤاری یاساپارێزی، ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٤)، هەروەها بلاوکراوەتەوە لەگۆڤاری (پەیامی زانایان) ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٦).
١٤- مافی دادپەروەری لەئایینی ئیسلام، لەکۆنفرانسی کۆلێژی خوێندنی ئایینی/ کۆیە خوێندرایەوەو بلاوکرایەوە لەژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی گۆڤاری زانکۆی کۆیە.
١٥- بەکارهێنانی ئایین بۆ بەرژەوەندی دونیا، بلاوکرایەوە لەگۆڤاری یاساپارێزی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٦)، دووبارە بلاوکرایەوە لەگۆڤاری پەیامی زانایان ژمارە (١١) ساڵی (٢٠٠٧).
١٦- کوشتنی ژنان بە هەنجەتی شەرەفو ناموس نیشانەی بێ دەسەڵاتییە، لەسەر ئەرکی وەزارەتی ئەوقاف چاپکراوە، چاپخانەی پێنووس، هەولێر ساڵی (٢٠٠٨).
١٧- میهرەبانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، لەیادی کۆچی مامۆستا خوێندرایەوە لەکەلار، پاشان بلاوکرایەوە لەگۆڤاری پەیامی زانایان ژمارە (١٠) ساڵی (٢٠٠٦).
١٨- رۆڵی مەلای گەورە لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵ، لەفیستیڤاڵی مەلای گەورە خوێندرایەوە، لەپاشکۆی گۆڤاری زانکۆی کۆیە ژمارە (١٣) بلاوکرایەوە.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

١- تحقيق كتاب (المطالع السعيدة) للسّيوطي مع كتاب المواهب الحميدة للشّيخ عبدالكريم المدرّس، وكلاهما على نظم الفريدة في علم النّحو، طبع سنة (١٩٧٨) بعنوان: (الفرائد الجديدة).
٢- تعليقات على كتاب نور الإسلام للشّيخ عبدالكريم المدرّس، طبع سنة (١٩٧٨) في بغداد.
٣- ترجمة حياة الشّيخ نور الدّين البريفكاني مع تحقيق كتابه (تلخيص الحكم) بعنوان (الشّيخ نورالدّين البريفكاني: حياته، آثاره، شعره)، طبع في القاهرة سنة (١٩٨٤).
٤- تحقيق جزء من كتاب البيوع من الحاوي الكبير للماوردي في الفقه الشّافعي، رسالة ماجستير، طبع سنة (١٩٨٤).
٥- تحقيق كتاب الحذف والتّقدير في القرآن الكريم المسمّى بـ(المحذوفات) للعلاّمة محمّد بن الحاج الكوردي، طبع عام ١٩٨٦.
٦- نظريّة الاستحقاق في الفقه الإسلامي والقانون المدني العراقي والمصري –دراسة مقارنة- راسالة الدّكتوراه في الفقه الإسلامي والقانون المدني. (١٩٩١)
٧- حكم زوجات المفقودين في كارثة ما يسمّى بالأنفال، (١٩٩٨).
٨- حكم نقل وغرس الأعضاء البشريّة في الفقه الإسلامي والقانون. (١٩٩٩).
٩- أثر الحيازة في تملك الثمار في الفقه الإسلامي والقوانين المدنيّة: الفرنسيّة والمصريّة والعراقيّة. ١٩٩٨.
١٠- أثر العفو والصّلح على القصاص (عقوبة الإعدام) في الفقه الإسلامي وقوانين العقوبات الحديثة. ١٩٩٧.
١١- حكم تزويج الصّغيرة، ٢٠٠٤.
١٢- حكم سرقفلانة في الفقه اللإسلامي والقانون المدني، ٢٠٠١.
١٣- تقييد الملكيّة بعدم الإضرار بالجار، ٢٠٠٢.
١٤- دراسة وتحقيق رسالة القول المنقح المضبوط في جواز التّعامل ووجوب الزّكاة في ورق النوط. ١٩٩٨.
١٥- إجازة العقد الموقوف في الفقه الإسلامي والقانون المدني. ٢٠٠٥.
١٦- حكم العمليّات الانتحاريّة. ٢٠٠٤.
١٧- تحقيق رسالة (نبذة من الأفكار وزبدة من الأسرار) نشر في مجلّة (دەنگی زانا) (٣١-١٩٩٩/٣٢).
١٨- تحقيق رسالة (الإعلام عمّا في قوله تعالى: (وعلى الّذين يطيقونه) من النّسخ والأحكام. مجلّة (دەنگی زانا) (٢٨-٢٠٠٠/٢٩).
١٩- الوصيّة في الفقه الإسلامي والقانون الأحوال الشّخصيّة العراقي والمصري. مجلّة (دەنگی زانا) (٤٢-٢٠٠٠/٤٣).
٢٠- أثر الشّرائع السّماوية السّابقة على الفقه الإسلامي، ٢٠٠٥.
٢١- طبيعة حق المستأجر في القانون المدني. مجلّة جامعة كوية (٢٠٠٥/٣).
٢٢- تحديد مفهوم العدالة (التّوزيعيّة والتّعويضيّة والاجتماعيّة). مجلّة صوت الأزهر (٢٠٠٩/٤٩٨).
٢٣- العدالة: تعريفها، مكانتها في الشّريعة الإسلاميّة، وأهمّ أنواعها، مجلّة جامعة كويه (٢٠٠٩/١١).

## بەرهەمە چاپ نەکراوەکان:

١- قواعد أصول الفقه في سؤال وجواب في دفترين.
٢- تحقيق الجزء الأوّل من كتاب الضّمان للجمالي في الفقه الحنفي.
٣- حكم الرّبا وتعليله في الفقه الإسلامي.
٤- المدخل لدراسة القانون (نظريّة القانون).
٥- رۆڵی مەلا ئەفەندی هەولێر لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵ.

لەگەڵ کۆمەڵێك وتارو نووسراوی تر بەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبی.

*** یاریدەدەری راگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی ناوەندی/ ئێواران**

+ تێبینی: خوالێخۆشبوو بەخۆی پوختەی ژیاننامەو بەرهەمەکانی خۆی نووسی بوویەوە.



# کورتەیەك لەژیانی مامۆستا مەلا ئیسماعیل عومەر مەولود

مامۆستا لەساڵی (١٩٤٠) زایینی لەگوندی گرد جۆتیار لەدایك بووە. لەلایەن مامۆستایان (مەلا أحمدی گەزنەییو مامۆستا مەلا عبدالواحیدی گردە چاڵیوومامۆستا مەلا مسعودی ئاشۆکانیو مامۆستا مەلا اسماعیل گەزنەییو مامۆستا مەلا عبدالله سلیمان بەحرکەییو مامۆستا مەلا محمدی عەلیاوەییو مامۆستا مەلا علی پەرپیتانیو مامۆستا مەلا انوەری سێبیرانی) دەرسی خوێندووە. سەرەتای دامەزراندنی لەشاری موسل بووە لەساڵی (١٩٧٥)ی زایینی بەپێش نوێژو وتارخوێن لەساڵی (١٩٧٦)ی زایینی گەراوەتەوە شاری هەولێر لەمزگەوتی (ئالتی بەرماغ) پاشان لەساڵی (١٩٨٧)ی زایینی گەراوەتەوە (مزگەوتی صديق) لەگەڕەکی کورانی عەنکاوە بۆ ماوەی (١٢) ساڵ دەرسی گووتۆتەوە لەمزگەوتی (صەواف)ی سەر بە ئەوقافی هەولێر لەپەیمانگەو



دواناوەندی شەهید مەلا عبد الله ی پەلپیتانی ماوەی (٣) ساڵ ئەندامی لیژنەی فەتوای یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان بووە لەهەولێر پاشان بۆتە بەرپرسی ناوچەی (١)ی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لەهەولێرو ماوەی (٥) ساڵ کاری کردووە لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٤/١٩/ی زاینی کۆچی دوایی کردوە.

(إنا لله وإنا إليه راجعون)

# خیانەتی هاوسەری لەڕوانگەی ئیسلامەوە

حمید ئەحمد عبدالفتاح
قەڵادزەیی

خیانەتی هاوسەری یەکێکە لەگوناهو تاوانە هەرە گەورەکان، کە هەریەکێك لە ژنو پیاو بەم تاوانە توشی غەزەبی خوای گەورە دەبێت لەدونیاو دوارِۆژیشدا، هەروەك دیارە مرۆڤی داوێن پیس لەنێو کۆمەڵگادا گەر بناسرێت بەچاوێکی سوكو بێ نرخو بەها سەیر دەکرێت.

خیانەت هەر خیانەتە چ پیاو بەرامبەر بە خێزانەکەی بکات یان بەپێچەوانەوە ژن ئەنجامی بدات لە هەردوو حاڵەتدا هەر ناپاکیە تەنانەت گەر کچ یان کوڕ دوور لەچاوی خێزان ئەنجامی بدەن، خیانەتی هاوسەری واتە شێواندنی شیرازەی خێزانو هەڵوەشاندنەوەی.

خیانەت واتە ناپاکی، هەرکەسێك کە خاوەن عەقیدەو بڕواو کەسایەتی خۆی بێ ناتوانێ قبوڵی بکاو بیکا، کەسی خیانەتکار هێندە ناپاکە ئینسانیەتو کەرامەتی خۆی لەدەست دەدات.

خۆشەویستان زۆربەی زۆری ئاژەڵان کەعەقڵو بیرو هۆشیان نییەو هیچ تەکلیفێکی شەرعیو دینیان لەسەر نییە، زۆرینەیان قبوڵ ناکەن کە نێرینەیەکی تر بچێتە لای مێینەکەیان.

تەنها سەگو بەراز نەبێو لە مرۆڤەکانیش کەسە نەفس نزمو بەرهەڵدایەکان نەبێ، باشە کە گیاندار ئەو هەستو نەستەی تێدابێتو غیرەتو کەرامەتی ئەم گیاندارە ئەمە قبوڵ نەکا، کە خیانەتی لێ بکرێ ئەی مرۆڤ، کە خوای گەورە ڕێزی لێناوەو چەندان ئایەتی لەسەر هاتۆتە خوارەوەو بۆتە خەلیفەو جێنشینی خوای گەورە لەسەر زەوی چۆن بەخۆی ڕەوا دەبینێ بەم سیفەتەی بچێتە ڕێزی گیاندارانو بەڵکو لەوانیش کەمترو سوکتر.

خۆشەویستان ژیانی هاوسەرگیری زۆر هەستیارەو دەبێ ژنو پیاو زۆر پەیوەستبن بەیەکەوەو نەهێڵن گرفتی بچوك کێشەی گەورەی لێ بکەوێتەوەو توشی لێك ترازانیان بکات، چونکە لەئەنجامی پشت گوێخستنی هەردوو لایەن بۆیەکتر خیانەتی هاوسەری سەرهەڵدەدات.

کەواتە خیانەتی هاوسەری کارێکی زۆر خراپەو خێزان بەرەو هەڵدێرو هەڵوەشاندنەوەو لێك جودابوونەوە دەبات، جا ئەم خیانەتە هەر کامێکیان هۆکاربن لە ژنو لەپیاو دەکرێ دوو لایەنەش بێت.

پێشینانیش زۆر ڕاستیان وتووە، کە دەڵێن هەرکەسێك خیانەت لەهاوسەری نەکات ئەوا خیانەتیشی پێ قبوڵ ناکرێ، یاخود دەشڵێن لەدەرگای هەر کەسێك بدەی لەدەرگات دەدرێتەوە.

وە داوێن پیسیش قەرزێکە درەنگ یا زوو هەر دەبێ بدرێتەوە، وە ئەوەی خیانەتیش بکا خیانەتی لەگەڵ دەکرێتەوە، کەواتە خیانەت زۆر مەترسیدارەو پەیوەستی بە ئابڕوو چونو شەرەفەوەهەیە.

سەرەکیترین هۆکاری ڕوخانی دیواری خۆشەویستیو کز بوونی چرای پێکەوە ژیانەو بەم ڕەفتارە ناشیرینە نائومێدیو بەدبەختی توشی هەردوو لایەن دەبێو ڕۆژی ڕوناکی منداڵەکانیشیان بەرەو ئاوابوونو تاریکی دەڕوا.

بەمەش کاریگەریەکی زۆر خراپ دەکاتە سەر پاشەڕۆژی منداڵەکانیانو توشی ڕەشبینیو بێ ئومێدیان دەکات بەرامبەر بە کەسانی دەوروبەریانو دوا ڕۆژیان تاریكو لێڵ دەبێ.

خۆشەویستان بەشێوەیەکی ڕونو ئاشکرا لەکوردستانیش ئەم دیاردە قێزەونە سەری هەڵداوە بڕوابکەن بەشێوەیەکی وا تەشەنەی کردووە خەریکە وڵاتەکەمان ببێتەخوشکە بچوکی ئەوڕوپا لەڕووی خیانەتی هاوسەرگیریەوە.

کە لە هەندێك شوێنو جێگاو بنەماڵە هیچ ڕێزێك بۆ ڕەوشتو قیەمو ئەخلاق نەماوە، بەڵام دابو نەریتو هەستی ئاین پەروەری میللەتی کورد ئەم خیانەتو ناپاکیە قبوڵ ناکا.

هەتا وای لێهاتووە خیانەت ئەمڕۆ بۆتە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەو لێك ترازانی زۆر خێزانو ئەمەش زەنگی مەترسی ئەم دیاردە قێزەونە بەڕووی کۆمەڵگاکەمان لێدەدات.

خوای گەورەش قەت جڵەو بۆ خائینان شل ناکاتو زوو یا درەنگ دەیان گرێو توشی شەرمەزاریو ڕیسوایی دونیاو دوارِۆژ دەبن، کەواتە خائینان تا سەر ناتوانن بەردەوام بن لەسەر کردەوەکانیان.

پێغەمبەری خوداش(ص) دەفەرمووێ: نیشانەی ئینسانی ناپاك خیانەتە لە ئەمانەت، جا ئەو ئەمانەتە ماڵو سەروەتو سامان بێ یان شەرەفو ناموسو عەیبدار کردنی خەڵك بێ.

لەدێر زەمانەوە خیانەتی هاوسەری بوونی هەبووەو هەر دەشبێو کەم کەسیش هەیە مەگەر کەسانێکی ئیماندار توشی هەڵەو گوناهو تاوان نەبوبێو پێی هەڵنەخلیسکابێ، بەڵام قەت وەکو ئێستا نەبووە گەر سەیری دادگاو لیژنە فەتوایەکانی یەکێتی زانایانی کوردستانیش بکەین دەبینین، کە ڕێژەی تەڵاق چەند زۆرە بەهۆی ئەو شێوە نەشیاوە کرانەوەمان بەڕوی ئەوڕپادا.

خۆشەویستان خیانەت هەر بە بەریەك کەوتنی جەستە ناکرێ، زۆر جۆری هەیە لەوانە تێکەڵ بوونی ژنو پیاو بەشێوەیەکی ناشایستەو ناشەرعی هەروەها جلو بەرگی کورتو تەنكو تەسك ئەویش دەرگایەکە بۆ دروست بوونی خیانەتو ناپاکی.

هەتا ژنو پیاوو کچو کوڕ کە قسە دەکەنو زەردەخەنە دەگۆڕنەوە ئەمەشیان هەر جۆرێکە لە ناپاکی، چونکە خیانەت سەرەتا هەر لە زەردەخەنەو نیگا گۆڕینەوەوە دەست پێدەکات.

لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەو کەسانی نەفس نزمیش ئەم پێشکەوتنەیان بەشێوەیەکی نەشیاو قۆستۆتەوەو بەکاریان هێناوە لەوانە مۆبایلو ئەنتەرنێت.

زۆر جار دەبیستین ژن یان پیاو لەنێو ماڵی خۆیدا بێ بینینی ڕەگەزی بەرامبەر پەیوەندی سۆزداری ناشەرعی دەبەستێو ئەنجامەکەشی بە کارەساتو ڕوداوی دڵتەزێنو کوشتن دێت.

لەڕێگای ئەو ئامێرانەوە دوور لە هەست کردن بە مەسئولیەتی ماڵو خێزان قسەی ورژێنەرو نا ئەخلاقی دەگۆڕنەوەو پەردەی شەرمیش وەلا دەنێنو تا وایان لێدێت بگاتە ئاستی دیدارو دواتریش سەرجێیی کردن دوور لە دابو نەریتی ئیسلامو کۆمەڵگا.

دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە خۆشەویستیو گەڕانو دانیشتنی دوو قۆڵی پێش گرێبەستی هاوسەری هەر دەچێتە بازنەی خیانەتەوە، چونکە ئەم جۆرە خۆشەویستیە بەهیچ جۆرێك لەڕوانگەی ئیسلامەوە ڕێگەی پێنەدراوەو ناشەرعیە.

ئینسان هەر بە تەماشاکردنێکی حەڕام چ کچ بۆ کوڕ چ کوڕ بۆ کچ تاوانبار دەبێ، چونکە ئەو چاوە ڕاوی کەسەکە دەکاو لەئەنجامدا دەبێتە نێچیریو دەیگرێ، بێ حیکمەتیش نیە کە پێغەمبەر(ص) دەفەرمووێ: (إیاکم والدخول علی النساءِ) واتە: خۆتان بپارێزن لەدانیشتنی دوو قۆڵی.. بەتەنها کچو کوڕ پێکەوە، چونکە شەیتان سێهەمیانەو تامی گوناهو تاوانیان لەلا شیرین دەکاو توشی فیتنەیان دەکاو نەفسو دەرونیان یان غەریزەی جنسیان دەبزوێنێو هەردوولا گیرۆدەی سەرپێچیو تاوان دەکا.

هەر لەبەر ئەوەشە خوای گەورە ئەم دەرگایەی داخستووەو ڕێگەی پێ نەداوە، بۆیە دەربڕینی هەستی خۆشەویستیو قسەی نەرم دەکەوێتە خانەی خیانەتەوە، خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرمووێ: (فلا تخضعن بالقول)، واتە: بەشێوەیەکی وا دڵان بێنێتە جۆشو بە لەنجەو لارەوە قسە لەگەڵ پیاواندا مەکەن بەتایبەتی کەسانی نامەحرەم.

چونکە ئافرەت نابێ بەوتەی یان بە هەڵسوکەوتی غەریزەی گەنجو پیاو بجوڵێنێ، بەپێچەوانەوەش پیاوو گەنجیش نابێ بە قسەی بریقەدارو لوسو بەهەڵسوکەوتی غەریزەی ئافرەت بجوڵێنێو توشی لادانو خیانەتی بکات.

زۆر جاران بەهۆی خۆشەویستی ناشەرعی یان پێش گرێبەستی هاوسەری کچو کوڕ کەوتونەتە هەڵەو تاوانی گەورەوە ڕوداوی ترسناکی بەدوای خۆیدا هێناوە بەهۆی ئەم خیانەتەوە، کەواتە خۆشەویستان عەشقو خۆشەویستی ئەو ئاگرە بەتینەیە، کە نەك هەر شاڵاو بۆ دوو کەسە خۆشەویستەکە دێنێو دەیان سوتێنێ لەوانەیە چەندین کەسی بێ تاوان بەهۆیانەوە بسوتێ.

کەواتە خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە، یان ئەوەتا دەبێ بۆ خۆشیەکی کەمی دونیا تاڵاوی ناخۆشیەکانی دوارِۆژ بچێژی، کەواتە خیانەتی هاوسەری تاوانێکی ئەوەندە گەورەیە بەهیچ ئاوێکی سازگاری ئەم دونیایە لەم ناپاکیە پاك نابیتەوە.





# ڕێزی ئافرەت لەئیسلامدا

مەلا کرێکار بادلی




روونو ئاشکرایە کەخودای گەورە مرۆڤی دروست کردوە تازەوی ئاوەدان بکاتەوە ژیان بەرەوپێشەوەببات چاکسازی وپاکسازی تێدا ئەنجامدبدات بۆیە دەفەرموێت (هو انشاكم من الارض واستعمركم فيها) هود: ٦١ کەواتە پەیامی خودا بۆ مرۆڤەکان چاککردنو ئاوەدانکردنی زەویە جاون کردنی ژیانە بەتایبەت پاراستنی خێزان کە ئەرکی گشت موسڵمانە. وە لەناو خێزانیش ڕەچاوکردنی ئافرەتە بۆیە دەبینین زۆر لەئایەتو فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) ئاماژە بەرۆڵو پایەی ئافرەت دەدەن وەك لەو خاڵانەی خوارەوە بۆمان روون دەبێتەوە.

١- ئێمە دەزانین کە سەرچاوەی روناکی ئەم زەمینە ڕۆژە کەروناکەرەوەی تەوای گەردونە دەبینین کەخوای گەورە دەفەرموێت (فلما راى الشمس بازغة قال هذا ربى هذا اكبر) لەپاش وشەی ڕۆژ (تاو) مەدەوەر بەکارهاتووە کە لەزمانی عەرەبیدا تایبەتە بەئافرەتان.

٢- ئەگەر سەیری بنچینەکانی ئیسلام بکەین یەکێك لەبنچینەکان واجب بوونی حەج یەکێك لەروکنەکانی حەج الوقوف بعرفات والسعى بين الصفى والمروه کە ئەم دوو روکنە یادکردنەوەی دوو ئافرەتە کە یەکەمیان بەیەك گەیشتنی دایکە حەواو بابە ئادەمە لەکێوی عەرەفە وەقبول بوونی دوعایانە لەو شوێنەدا دووەمیان چوونو هاتنی دایکە هاجەرە لەنێوان سەفاو مەروە لەوکاتەی کە ئیبراهیم (عليه السلام) بەجێهێشتن لەمەککە. بۆیە پێویستە لەسەر حاجیان ئەم دوو روکنە ئەنجامبدەن.

٣- ئەگەر سەیری قورئان بکەین چەندین سورەت بەناوی ئافرەتەوە هاتووە وەك نیساو مریم ئەوەش لەبەر گەورەی ئافرەتانە.

٤- ئەگەر لەقورئاندا مەدحی پیاوان کرابێت ئەوا خوای میهرەبان بەگەورەی خۆی ستایشی مریم دەکات وەدەفەرموێ (ومريم بنت عمران التي احصنت فرجها فنفخنا فيه من روحنا وصدقت بكلمات ربها وكتبه وكانت من القانتين) التحريم: ١٢ کە ناوی هێناوە لەچەندین شوێنی تریش باسی کردوە ئەمە بەلگە لەسەر گەورەی ئافرەت لەئیسلامدا.

٥- ئەگەر سەیری زۆربەی فەرموودەکانی پێغەمبەر بکەین دەبینین زۆر جار مژدەی بەناوی ئافرەتی هێناوە بۆ بەهەشت وەك (امراة الخطاب من اهل الجنة) کە زۆرکەم مژدەی بەهەشتی بەپیاوان داوە وە یابڵێین لەدونیا مژدەی پێداوین.

(ايما امرات ماتت وزجها راض دخل الجنة) بەڵام پیاو وای پێنەوتراوە.

٦- پێغەمبەر(د.خ) بەهەشتی ئاسانکردووە بۆ ئەو مرۆڤانەی کەوا ڕێزی دایکی خۆیان دەگرنو خزمەتیان دەکەنە (الجنة تحت اقدام الامهات) ئەم پلەو ڕێزە بەباوك نەدراوە وە پێغەمبەر(د.خ) زۆر جار سوعبەتی لەگەڵ کردوونەو بەزەردەخەنەوە وەپێ وتوونە ئێوەی پیرژن ناچنە بەهەشت کە تورە دەبوون پێیانی دەوتن بەپیری ناچنە بەهەشت بەڵکو گەنج دەبنەوە.

٧- دەبینین کاتێك پێغەمبەر لەغەزایێکدا عایشەی خێزانی بێزاربووە پێغەمبەر بانگی کردووە لەگەڵی غار بدات بۆ دڵدانەوە.

# مەرگی زانست بە دەستی کزە

ئاناء ڕانیەیی
پەیمانگەی زانستە ئیسلامییەکان

ژیری سیفەتێکی بەنرخە کە مرۆڤەکان لێك جیا دەکاتەوە، خوای گەورە ئەقلی پێ بەخشیوین تا ڕێگەی خراپەو چاکە لەیەك جیابکەینەوە، چۆنی ڕەفتاری ئێمە بەڵگەیە لەسەر بیرو بۆچوون ئایا هەر ئەقلی خۆمان نییە بگەینە ئاستێکی بەرز خاوەن کەسایەتیەکی بەها ژیان بە ئاقلی خۆمانە ناوداری بەئەقلی خۆمانە تیاچونیش هەر بە ئەقلی خۆمانە، ئەم تیاچوونەی ئەمڕۆ لەخوێندن باوە هەستی پێ ناکەین ئەویش (فێڵ‌و گزەیە) قوتابی لەنێو ژان‌و ئازاری تاقیکردنەوەو کارەساتی مانەوە ژیری لەدەست دەدات ڕێگای خوێندن هەڵدێری‌و گێژەلۆکی سەختی تیایە، بەڵام لەم مەترسیە گەورە دەکرێ پەنا بۆ کاری ناڕەوا بەری‌و خیانەت بکەیت، گەر نەتوانی پارێزگاری لەم فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) بکەین: (من غشنا فليس منا)، لەدۆخەکانیش سەرکەوتوو نابی، زانست ڕووناك کەرەوەی بیرو هۆشمانە، ئایە پرسیارت لە خۆت کردووە ئامانجی خوێندنت چییە؟ گەر کاتی خوێندنت نییە لەبەر هەر هۆییەك چۆن گوێڕایەلی شەیتان دەبیت کە غەش بکەیت شەیتان سەرسامە لەبەندەکانی خوا ڕقیان لەمنە گوێ ڕایەلیشم دەکەن خوایان خۆش دەوێت فەرمانی دەشکێنن، تۆ دەبیتە کۆلارەی دەستی شەیتان کەبەدەم باوەفڕینت دەکات تا (با) بەتوندی توندتربێت بەرزتر دەفڕێت دڵنیابە ئەم (با)یە نامێنێ تۆش دەکەویتە سەر ئەرزو بایەخت نامێنێ إمام علی(رضي الله عنه) دەفەرمووێ (دڵی نەزان بە تەماع داپۆشراوە بۆتە بارمتەی ئارەزوەکانی وە هۆگری هۆیەکانی هەڵخەڵەتاندنە) کەسانی فێڵ باز کە خۆیان بە زیرەك دادەنێنن نازانن لەناو گۆمێکی مەنگن هەمیشە لەدڵتەنگی دان تەماع تووشی هۆیەکانی غەشکردنی کردوون.

هۆیەکانی غەش:

(بێ هێزی باوەڕت بەخوای میهرەبان‌و لاوازی پەروەردەو ئەدەبت‌و کەسایەتیەکی لاوازو فاشڵ‌و باوەڕ بەخۆ نەبوونت‌و تەمبەلیت لەخوێندن).

تۆ دەبیتە کەسێك هەردەم ترسنۆك دەبی لە ئاشکرابوونت سەر شۆڕ دەبیت لای هاوڕێکانت بیرکەوە نزیکترین کەست لە بیرچووە کە بێ نرخ دەبی لا ئەو چەند جار بەگوێتا چرپاوە قۆپیە حەرامە هۆشیاریە لەم ئایەتە.

(ومن اظلم ممن ذكر بآيات ربه ثم اعرض عنها إنا من المجرمين منتقمون) سورة السجدة، واتە: کێ لەوە ستەم کارترە کە حەرام‌و حەلالی بۆ جیابکرێتەوە وە پشتی دەکات جا تۆڵەی خۆمان



لەستەم کاران دەکەینەوە. بیرت کردۆتەوە لەسەرپێچیەکانی غەش تۆهەڵگری ئەم تاوانەی:

**یەکەم: دزی کردن**

بەدزی مامۆستاکەت سەیری پارچە وەرەقە دەکەی کە کتابەکەت لەسەر نووسیوە. دزی لە کەسانی دەوروبەرت دەکەی دزی لەئیسلام سزای هەیە.

**دووەم: هەڵخەڵەتاندن**

نەزانینی خۆت دەشاریەوە مامۆستاکەت هەڵدەخەڵەتێنی کە ئەمە وەڵامی خۆتە وە توشی زلزانی دەبی ئەمە لەخۆبای بونەوە لەکۆتایش کەسێکی گەندەڵ کارت لێ دەکەوێتەوە.

**سێیەم: درۆکردن**

درۆکردن ڕێ خۆش کەرە بۆ خراپەکاری ڕێز لەدەست دەدەی دەبیتە هاوشێوە لەگەڵ هاوەڵ بڕیاردان بەدرۆ شایەتی دەدەی کە ئەمە وەڵامی خۆتە مافی هاوڕێکانت پێ شێل دەکەی کە خۆیان ماندوو دەکەن لەتاریکای شەو ناخەون.

**چوارەم: دوو ڕووی کردن**

نیشانەی دوو ڕوان سێ دانەیە، قسەی کرد درۆ دەکات، بەڵێنی دا دەیشکێنێ، تۆ لەبەردەم مامۆستاکەت بەڵێن دەدەی قۆپیە نەکەی بەڵێنەکەش دەشکێنی وە خیانەت لە ئەمانەت دەکات تۆش خیانەت لەزانست دەکەیت بەبێ هیچ زانیارییەك سەرکەوتن بەدەست دێنی.

**پێنجەم: فەرمان بە خراپەکردن**

دژی قورئان دەوەستی کە نەهی لەخراپە دەکات وە تۆش فەرمان بە خراپە دەکەیت.

**شەشەم: لەیاد کردنی پشتیوانی خوا**

لەحەدیسێکی قودسی دەفەرمووێ (ومن تصرف بحولي وقتي النت له الحديد) گەر پشتت بە خوا بەست کارەکانت بۆ ئاسان دەکات.

**حەوتەم: گەورەترین تاوان گاڵتە پێ کردنی فەرمانی خودایە.**

تۆ چاوی مامۆستاکەت لابەرزترە لە چاوی خوای دانەر وێنەگری خوا لەبەر چاوی تۆ ونە گەر بڵێن کامێرا لە ژوورەوە هەیە شەرم دەکەی، خودا بەندەکانی دەپۆشێ بەڵام گەر سنووری شکاند ئیتر پەردە لا دەچێ‌و ریسوا دەبێت.

هاوڕێیانم بەووردی‌و سەرنجەوە بیر لەم فەرموودەیە بکەینەوە (من غشنا فليس منا) ئایا ڕازی دەبێ لەبازنەی ئیسلام بچیتە دەرەوە تەنیا ئەم وشەیە (ليس منا) کەواتە تۆ لە چ نەتەوەیەکی بیرکەوە ڕوحت بەفەرمانی خودایە ناترسی لەو کاتە هەناسەت ببڕێ رووحت جیابێتەوە ، لەو کاتە بترسە کەبەسەر (صراط) دەپەڕییەوە تەنیا ئەمانەت پارێزان دەپەڕنەوە، وە خیانەتکار لێی گیر دەبێت.

(وإنْ منكم إلا واردها كان على ربك حتماً مقضياً. ثم ننجي



الذين اتقواونذر الظالمين فيها حيثاً) سورة مريم.

ئایا ئەم وتانە دڵی غەشاش چارەسەر دەکات؟

نەخێر... دڵیان نەخۆشە بەدەستی خۆیان خەواندویانە دڵیان قایم بووەلە ناو فێلان مەلە دەکەن، بەڵام هێشتا دەرگا دانەخراوە لێرەوە دەست بە ژیانێکی نوێ بکەوە خوای میهرەبان دەفەرمووێ : (قل يا عبادي الذين اسرفوا على أنفسهم لاتقنطوا من رحمة الله إن الله يغفر الذنوب جميعاً إنه هو الغفو الرحيم). پەلە بکە لەم مژدەیەی خوا پێی بەخشیوی پەلەکە خۆشەویستی خوا بەدەست بێنە.

**ڕووناکی ڕێگە**

**ئیطاعەی فەرمانی خوام ترسم نییە بێ شەریکە ئەو**
**مونکەرێکن دی نەبیە ئەسحابی سەبت شەو**
**بەدەست بیگۆڕە گەر نەکرا ظوماتی قلبت بێ**
**(فأ نجينا الذين ينهون عن المنكر) میثالت بێ**
**عیلم جێگیرە لەکەسانی صافی‌و بەحیا**
**بەدوای علم بڕۆن فەرمانی کردیە (محمد) مصطفی**
**غەشاش دەرکی پێ ناکا گەر علمی هەبێ**
**علمی لاممکن نییە حوبی دونیای دەوێ**
**ئۆمەت فاشلە ژێر دەستەگەر علمی زایە کرد**
**بەڵام محنەت دێ گەر بەقسەی رسولی نەکرد**
**خۆت صاف کەوەگەر هەر تاوانێکت کردبێ**
**بابی مغلق نییە ڕەحیمەو لێت خۆش دەبێت**
**(عفا الله عن ماسلف) لەدەرگای باری تعالا**
**(ومن عاد فينتقم الله منه) ئاگاداری کردی دووبارە**

# قوتابی و تاقیکردنەوە

هێمن چۆمانی

تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ دوا هەڵ‌و فرسەتە لەبەردەم قوتابیان‌و دەرگایەکە دەبێت گشت قوتابیان تیایدا بچنە ژوورەوە، دوای تاقیکردنەوەش ئاستی قوتابی دەردەکەوێت ئاخۆ سەرکەوتووە یاخود نا.

نموونەی هەوڵ‌و شەونخوونی قوتابی وەك جوتیار وایە، کاتێك جوتیار دەیەوێت شتێك بچێنێت سەرەتا زەوییەك ئامادە دەکات‌و ئەو شتەی مەبەستیەتی دەیچێنێت‌و بەردەوام ڕۆژانە چاودێری دەکات‌و ئاوی دەدات‌و شەونخوونی هەوڵ‌و ماندووبوونی زۆر دەبینێت تاکو بەروبومەکە پێدەگات‌و پاشان دروێنەی بەرهەمەکەی دەکات، قوتابیش وایە سەرەتا دەبێت بیرو هۆشی خۆی باش ئامادە بکات بۆ خوێندن‌و بەردەوام چاودێری وانەکانی بکات‌و بیرو هۆشی بەخوێندن ئاو بدات‌و شەونخونی‌و هەوڵ‌و ماندووبونی لەپێناو ببینێ‌و تاکو دوای نزیکەی ساڵێك دروێنەی بەرهەمەکەی بکات، وەك ووتراوەش ((خوێندنی دوێنێ تۆوێکە کە بەیانی بەرهەمەکەی درووێنە دەکەیت)).

دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەش هەموو لایەك چاوەڕوانی هاتنەوەی نمرەکانن بەتایبەتی (دایك‌و باوك) کە زۆر ماندوو بوون‌و نارحەتیان چەشتووە لەپێناو هێنانەدی ژیانێکی ئاسوودە بۆ ڕۆڵەکانیان‌و هێنانی نمرەی بەرزو سەرکەوتنی ڕۆڵەکانیان گەورەترین هیواو ئاواتیانە. دە تۆش ئەی (کوڕو کچی) ئەو دایك‌و باوکە دڵیان خۆش بکەو سەریان بەرزبکەرەوە بە سەرکەوتنت‌و بەهێنانی نمرەی بەرز لەوانەکانت،بێگومان ئەگەر وا بوویت ئەوا کەسێکی ڕاستگۆو جێگەی متمانەیت لای دایك‌و باوك‌و مامۆستاو کۆمەڵگاو نیشتمانەکەت.

گەر تاکو ئێستاش کەمتەرخەمیت نواندووە بەرامبەر خوێندنی وانەکانت کۆتا فرستت لەپێشەو وەك ئەوەی پێت بڵێ مەمدۆڕێنەو لەدەست خۆتم مەدە ،کە ئەویش تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵە.

چەندە خۆشە مرۆڤ لەژیاندا هەمیشە سەرکەوتووبێ‌و پشت بە زیرەکی‌و توانای خۆی ببەستێت، نەبادا دوای هاتنەوەی نمرە کەم‌و کەوتووەکانی لەتاقیکرنەوەکانیدا تووشی واستەو بەرتیل‌و پاڕانەوە بێت‌و سەری بەرزی خۆی بۆ خەڵك نزم بکات.

لێرەدا لەگەڵ نزیك بوونەوەی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بەکورتی چەند شتێکتان بیر دێنمەوە بەهیوای



ئەوەی گەر تاکو ئێستاش لێی بێ خەبەر بوون لەمەودوا جێبەجێ بکرێن‌و سوودیان لێوەربگیرێت:

* لە ئێستاوە تۆ کەسێکی تری‌و پەشیمانیت لەو کاتە جوانانەی کە بەفیڕۆت داون‌و ژیانێکی نوێت دەست پێکردووە، بۆیە بەر لەهەموو شتێك دەبێت بڕوایەکی تەواوت بەخۆت هەبێت کەتۆ کەسێکی ژیرو بلیمەت‌و زیرەك‌و تێگەیشتوویت، دەتوانی گۆڕانکاری لەژیانتدا بکەیت‌و (حەزو ویستەکانت‌و ترس‌و دڵەڕاوکێ) ناتوانێت بەسەرتدا زاڵ بێت‌و هیچ کاتێکیش بێ هیوا مەبە لەژیاندا چونکە ڕەحم‌و بەزەیی خوای گەورە گەلێ زۆرو فراوانە.

* واز بێنە لەهەموو ئەو هاوڕێ خراپانەی کە کارو پیشەیان گەڕان‌و سوڕانە بەنێو کوچەو کۆڵانەکاندا بەدوای ناموسی خەڵکەوەن‌و ئەوەندە بایەخ بەشێوەو ڕووخسارو جلوبەرگیان دەدەن کەچی عەقڵ‌و هۆش یان فەرامۆش کردووە، وەك (داری شێوە جوان‌و ناواخن کلۆرن) بۆیە خۆ دوور گرتن لەو جۆرە کەسانە بەتایبەتی لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا بەقازانجی تۆ تەواو دەبێت، وە هەوڵ بدە هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانی باش‌و هەڵسوکەوت جوان‌و قوتابی زیرەك پەیدا بکەیت.

* دەبێ ئامادەباشی تەواوت بۆ تاقیکردنەوەکانت هەبێ ئەویش بەدانانی بەرنامەیەکی تۆکمەو چڕو پڕو ڕێکخستنی کاتەکانی خوێندن‌و پێداچوونەوە (مراجعه). بەچاوێکی گەشبینانە بڕوانە تاقیکردنەوەکان‌و هەوڵبدە دڵ‌و دەروونت ئارام بکەرەوەو ترس‌و دوو دڵی وەلا بنێ، وەپرسیار بکە لەو وانانەی کە جوان لێی تێنەگەیشتوویت‌و زۆر ئاگاداری کاتەکانت بەو ڕێگا نەدەیت تەنها چرکەیێکیشی لە شتی بێ سوود بەفیڕۆ بچێت.

*هەڵبدە شەوان زوو بخەویت‌و بەیانیان زوو هەڵسیەوە لەدوای نوێژی بەیانی دەست بکە بە خوێندن چونکە بەیانیان زوو باشترین کاتە بۆ خوێندن‌و بیرو هۆش ئارام‌و دەوروبەر خامۆش‌و کپە.

* لەکاتی تاقیکردنەوەدا ئاگاداری خۆت بەو خۆت دوور بگرە لە قۆپیەو پەلە مەکە لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان، لەسەرەتادا وەڵامی پرسیارە ئاسانەکان بدەرەوەو پاشان بڕۆ سەر پرسیارەکانی تر، لەکۆتایی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان پێداچوونەوەیەکی وردی وەڵامەکانت بکە.

بیرت نەچێ لەهەموو کارو کردارێکدا بەناوی خوا دەست پێ بکە پشت بەخوا ببەستەوە نزاو پاڕانەوەت باهەر بۆ ئەو بێت چونکە گەورەترین یارمەتیدەری مرۆڤە.

بەهیوای نمرەی بەرز بۆ هەموو لایەك.

Hemn.soran@gmail.com

# وتەی پڕ حیکمەت

* نوێژ وەك تایەی سپێر نییە تەنها بۆ کاتی پێویست بەکاری بهێنی؟؟ بەڵکو پاڵنەری سەرەکییە بۆ درێژەدان بەژیان‌و رووبەڕووبوونەوەی تەنگەژەکان.

* ئایا دەزانی بۆچی جامی پێشەوەی سەیارە گەورەیەو ئاوێنەی سەیرکردنی دواوە بچوکە؟ چونکە ڕابردوو وەك داهاتوو گرنگ نییە.

* هاوڕێیەتی وەك کتێبێك وایە دەتوانی بەچەند چرکەیەك بیسوتێنی بەڵام ساڵانێکی دەوێت تا دەینوسیتەوە!!

* هاوڕێی کۆن وەك زێڕ وایە هاوڕێی نوێش وەك ئەڵماس، گەر ئەڵماست دەسکەوت زێڕ لەیاد مەکە، چونکە بۆ کارکردنت بە ئەڵماس پێویستت بە زێڕە بۆ جێگیر کردنی.

* دڵەڕاوکێ نابێتە ڕێگر لەکێشەکانی بەیانیت، بەڵکو خۆشی‌و ئارامی ئەمڕۆت لێ دەبات.

* کاتێك دوعا بۆ کەسانێك دەکەیت خوا گوێبیستەو ڕەحم بەو کەسانە دەکات تۆ دوعایان بۆ دەکەیت، گەر تۆش لە خۆشی‌و ئارامیدا بووی بزانە ئەوە کەسێك هەیە دوعات بۆ دەکات.

# چەند وتەیەك بۆ جوانکردنی ژیان

بەشیر عەبدولسەتار

١- سوپاسی خوابکە لەسەر هەرچی پێتی بەخشیوە.
٢- هەموو شەوێك بۆ بەیانیت بەرنامە داڕێژە.
٣- لەکاتی تەوقەکردندا دەستەکان توند بگوشە.
٤- لەکاتی ئاخاوتندا سەیری نێوچەوانی بەرامبەرەکەت بکە.
٥- زۆر سوود لەوشەی (سوپاست دەکەم) وەربگرە.
٦- وشەی (تکایە) زۆر بەکار بێنە.
٧- لەبەهاری هەموو ساڵێك چەند گوڵێك بچێنە.
٨- لەسلاو کردن دەست پێشخەر بە.
٩- لەگەڵ دەوروبەرت لێبوردەبە.
١٠- ئەوەی خۆت دەیزانی خەڵکی تریشی لێ فێربکە.
١١- ماڵی ئەمانەت بگەڕێنەوە.
١٢- بەردەوام بەدوای فێربوون بگەرێ.
١٣- ئاوا هەڵسوکەوت بکە کەپێت خۆشە بەرامبەرەکەت وابێ.
١٤- هەوڵدە بەسەرخۆتدا زاڵ بە
١٥- دیاری ببەخشە بەو کەسانەی خۆشت دەوێن.
١٦- لۆمەی کەس مەکە.
١٧- هەمیشە وەڵامی ئەودەستانە بدەوە کە بۆت درێژدەکرێ.
١٨- ڕەخنە قبوڵ بکە.
١٩- تەندروستی خۆت بپارێزە چونکە ئەمانەتی خوایە.
٢٠- پەلارو تانە لەکەس مەدە.
٢١- لەهەڵبژاردنی هاوسەری ژیانت ورد بە.
٢٢- هەرگیز خیانەت لەخێزانت مەکە.
٢٣- با بەردەوام بزە لەسەر لێوانت بێ.
٢٤- هەرگیز سوکایەتی بەشتە پیرۆزەکان مەکە.
٢٥- کاتێ یاری لەگەڵ منداڵان دەکەیت با ئەوان براوەبن.
٢٦- لەخەڵکانی ڕەشبین خۆت دووربگرە.
٢٧- ڕەسەنایەتیت هەبێ.
٢٨- بەردەوام پاکو خاوێن بە.
٢٩- میهرەبانتر بە لەوەی کە پێویستە.
٣٠- خۆت دوور بگرە لە توڕەیی.
٣١- پەند وەرگرە لە هەڵەکانی ڕابردوو نەك خەمی بۆ بخۆیی.
٣٢- خۆت گیرۆدەی شتی کەم بایەخ مەکە.
٣٣- ڕێز لەداب‌و نەریت بگرە.
٣٤- ئەوەندەی بتوانی لێکدا بڕاوەکان پێك بگەینەوە.
٣٥- ژیان زۆر بە زەحمەت وەرمەگرە.
٣٦- خاکی بە.
٣٧- بەقەت فەرهەنگێ وشەی چاکت هەبێ.
٣٨- بەردەوام ئامادەیت هەبێ بۆ هاوکاری خەڵك.
٣٩- لەدانیشتنی بە کۆمەڵ شوێنی خۆت بزانە.
٤٠- کات‌و ئاخاوتنت بەلاش مەبە.
٤١- سوود لەزانیاری کەسانی تر وەرگرە.
٤٢- بایەخ بەچۆنیەتی بدە نەك چەندییێتی.
٤٣- قسە لەسەر باسێك مەکە کە زانیاریت لەسەری نییە.
٤٤- کە لەنێوان دوو کەس دادوەریت کرد بەویژدانەوە ڕایی خۆت دەربڕە.
٤٥- لەبەرامبەر ئەرکەکانت هەست بە بەرپرسیارێتی بکە.
٤٦- بەدوای کێشەو سەرئێشە مەگەرێ.
٤٧- لەهەڵەی کەسانی تر ببورە هەروەك چاو لەهەڵەکانی خۆت دەنوقێنی.
٤٨- چاکە لەگەڵ ناحەزانت بکە بەمەبەستی گۆڕینیان بەدۆست.
٤٩- هەوڵدە باشترین مامۆستای منداڵەکەت بە.
٥٠- هەوڵدە ئێستات باش بکەیت تا شانازی بە ڕابردوت بکەیت.
٥١- بۆشایی ڕۆحی بەپارە پڕنابێتەوە.
٥٢- هەرگیز نزاو پاڕانەوەت لەبیر نەچێ چونکە هێزێکیان تێدایە وەسف ناکرێ.
٥٣- کەسێکت خۆش بوێ کەشایەنی ئەم خۆشەویستیەت بێ.
٥٤- بەیارمەتیدان‌و بەخشین ئاسودە دەبیت.